www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:45 8-2-2007

## ئایا قوربانیانی مۆلیدەکان شەهیدن؟ ... سالارتوتمانی

نەبونی کارەبای پێویست و بێمتمانەیی هاولاتیان لەمەڕ بەڵێنەکانی حکومەت بۆچارەسەرکردنی، بەشێکی زۆر لەهاولاتیان ناچار بوون بەقەرزو قوڵە ش بێت مولیدە بکرن..
ئەگەرچی (موەلیدە) بەشێکی زۆری لەئابروچونی دەولەت شاردۆتەوە.. بەتایبەتی لەکاتی شەودا، کەغەریبەیەك دێت و تەشریف دێنێت وبەهۆی ئەو ئامێرە وە شار دەدۆزێتەوە.. بەلام بەداخەوە گەلی لەئازیزان و دۆستانمان و لەهاولاتیان.. رۆژانە بۆ بەدەست کەوتنی چنگی ڕوناکی بۆماڵ خێزانەکانیان بەهۆی ئەم ئامێری مۆلیدەوە گیان لەدەست دەدەن و کەم ئەندام دەبن..
هەنوکەشی لەسەربێت نەمبیست و نەم بینی لەڕادیۆو تیڤیەکانەوە بۆئەم مەسەلەیەدەسەلات ڕۆنکردنەوەیەك ڕابگەیەنێت و هۆشیاریو ڕێنمایی بەهاولاتیان بدات لەمەڕچۆنیەتی بەکارهێنان و مەترسییەکانی ئەم ئامیرە
ئەم کەمتەرخەمیەی دەسەلات و ڕاگەیاندنیش دەگەڕێتەوە بۆدوو هۆ.. یان ئەوەتە حکومەت پی ی شەرمە دان بنی بەوەدا کەخەلك و گەل بەخێوی دەکەن یاخود بەتەنگ گیانی خەلكانی بندەستی خۆیانەوەنین و بەچاوی مێگەل لێمان دەڕوانن.
خۆئەگەر بەوردی بەدوادا چونێك بۆ قوربانیانی (مۆلیدە) بکەین لەپاش ڕاپەڕینەوە پێم وانیە زیادە ڕەویم کردبێت گەربلێم سەدان.. مرۆڤ بەم ئامێرە سوتاون وکەم ئەندام بوون و مردون و بۆهەتاهەتایە چاویان پڕبوولەتاریکی.
هەقی خۆیەتی کەس وکاری (قوربانیانی (مۆلیدە) ) مەرگی ئازیزانیان بە ئەستۆی ئاسمان و خودا نەخەن و بەڕێکەوتی قەزاو قەدەربەردلەسەر مەلۆی سوێکانیان دەنەنێن، پێویستیشە وەزارەتی پیشەسازی ووزەش.. ئۆباڵی ئەو ئینسانە لەبەین چوانەی کەقوربانی دەستی مولیدەن.. بەئەستۆو گەردنی خۆی بخات و بەڕەسمی بەشەهیدانی ڕێگای ڕوناکی و ووزە ناوو زە دیان بکات و موچەیان بۆببڕێتەوە، بەڕەسمی داوای لێبوردن لەکەس وکاریان بکات و ساڵی جارێکیش چەند چرکەیەك بۆگیانی ئەوان ڕامانبگرێت، چونکە گەرکێشەی کارەبا چارەسەربکرایەئەوا بێگومان ئەوانیش هەنووکەلەژیاندا دە بوون و بەندەش بابەت گەلێکی لەم چەشنەم نەدەنوسی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.